بیری چاك

وتەی چاك

كردارى چاك

ئاقێستا وەك كتاپەرستى

هەوڵێك بۆ دۆزینەوەی ڕاستیەی كە ئایینی زەردەشتی یەكتا پەرستی بووە



21898

عومەر حاجی عەلی زەنگەنە

Preview sample - page 1 of 6 - Soran University Academic Digital Library

ناوی کتێب: ئاڤێستا و یەکتاپەرستی
بابەت: لێکۆڵینەوەی میژوویی
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: عومەر حاجی عەلی زەنگەنە
تایپ : نووسینگەی رۆژ – خورماتوو
دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید
لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد– لقی کەرکووک ژمارە (٢٠٣)
چاپخانە: کارۆ
چاپی یەکەم– ٢٠١٣
تیراژ: (٥٠٠)دانە

Preview sample - page 2 of 6 - Soran University Academic Digital Library

بەناوی خودای گەورە ومیهرەبان

دەستپێك :

بێگومان هەموو میللەتێك لەم جیهانەدا خاوەنی سامانی کەلتووری دێرینی خۆیەتی، ئەمەش لەخۆیدا جێگەی سەربەرزی و شانازی ئەو گەلەیە.

مێژووی دێرینی هەموو نەتەوەیەك ئاوێنەی بالآڕوانی ئەو میللەتەیە و هەمیشە لەم روانگەوە خەڵکی تەماشای دەکات و بۆی دەڕوانێت.

ئێمەی کورد خۆمان بە یەکەم مرۆڤ دەزانین لەسەر رووی ئەم زەوییەدا و لەسەر چیای (گوودی – جودی) بنەمای شارەستانی و مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی و زانستیمان لە شارۆچکەی (هەشتانین) لەسەر ڕێنمای پەیامبەری هاوەڵمان (ناخ = نوح) پەیامبەر دامەزراندووە.

ئەگەر خۆینەر بە ڕەگەز پەرستم لە قەڵەم نەدات دەتوانم بڵێم: (شارەستانی و مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی و پیشەسازی وزانیاری، خەڵکی سەرگۆی ئەم زەوییە هەموویان لە ئێمەی کوردەوە فێربوونە).

قەڵای دێرینی(کارکۆك = کەرکوك) جێی پەنجەی گۆدی و خۆرییەکانە، شاری دێرینی (ئەکباتان = هەمەدان) پایتەختی

Preview sample - page 3 of 6 - Soran University Academic Digital Library

(گۆدی و میدییەکانە) ئەمە لەلایەك لەلایەکی دیکەوە زۆربەی ئایینە ئاسمانییەکان و رابەر و پەیامبەرەکانیان هەر لە نەوەکانی (ناخ = نوح) و(برایم = ابراهیم) پەیامبەرەوە پەیدابوون و ئەو ئایینانەیان رابەری کردووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زۆربەی زۆری ئایینە ئاسمانییەکان و و پەیامبەرکانیان کورد بوون و هەر لەم کوردستانەوە رووبان لەم جیهانە بەرینە کردووە و خۆیان بە قوربانی ئایینە ئاسمانییەکانی خوای گەورە و یەکتا کردووە، ئاسەوارەکانیان ئێستا شاهیدی بەرچاون ئەگەر لە (بیت المقدس ومکە)ی پیرۆزیش کە جێگەی (کڕنۆش =سجدە)ی هەموو ئیسلامێکە حەزرەتی (صفائازەر، برایم =ابراهیم) پەیامبەر دروستی کردوون (صفا و مەروە=صەفامەڕۆ)یش ئاسەوارێکی دیکەمانە هەر لەو جێگەیەدا. ئایینی پیرۆزی (زەردەشت) پەیامبەریش هەر یەکێکە لەو ئایینە پیرۆزە گرنگە ئاسمانییانە، کە خوای گەورە و میهرەبان بۆ سەر نەتەوەی کوردی ناردووە بەتایبەتی لەم کوردستانە و بە زمانی (ماچۆ)یش (ئاڤێستا)ی پیرۆزی بۆ (زەردەشت) پەیامبەر نارده خوارەوە، کە زمانی (ماچۆ) دایکی هەموو شێوە زاراوەکانی کوردی ئەمڕۆیە، یەزدانی مەزنیش بۆ ئەم مەبەستە دەفەرموێت (وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلاَّ بِلِسَانِ قَوْمِهِ)(إبراهيم ٤) هەروەك شاعیری پایە بەرزی کورد (قانع) دەڵێت:

Preview sample - page 4 of 6 - Soran University Academic Digital Library

کتێبی زەردەشت کە ئاڤێستایە وەک باقی کتێب خـــەڵاتی خوایـــە
بەزمان (ماچۆ) هاتە سەر بەشەر یانی ها زەردەشت بووی بە پەیامبەر

ئەوەی جێی گوتنە دوژمنانی گەلی کورد تەعریب چییەکانی تاریکستانی الأعراب لە مێژە نەتەوەی سەربەرزی کوردیان لە هەموو بواڕەکاندا تەعریب کردووە ویستوویانە و دەشیانەوێت هەر لە ڕەگوڕیشەوە بیبڕنەوە و(جینۆساید)یان بکەن ئەوان لەمێژە لە هەوڵی شێواندنی مێژوو سڕینەوەی رابردووی پرشـــنگداری ئـــەم نەتەوەیـــەن هـــەروەک شەمـــشەمەکوێرە دەیانەوێت ڕۆژی ڕووناکی ئێمەش بکەنە تاریکستان هەموو شـتێکمان لەهـەموو بواڕێکـەوە لـێ بـشێوێن، هەمیـشە وتـا ئێـستاش هـەر لـە بۆسـەدان بـۆ لێـدان و ناشـرینکردن و قەڵاچۆکردنی میللەتی کورد. (ڕۆژێ بەئاگر پەرست و ڕۆژێکی دیکە بە کافر و ملحد و متمرد و هەڵگەڕاو لە ئایینی ئیسلام و ڕۆژێ بە بەکرێ گیراوی بێگانەکانمان لە پێنووس دەدەن)، تا ئەم بەڵگانە بۆخۆیان دروست بکەن و بە ناحەق لەناومان بەرن، خوای گەورە و خۆیانیش زۆر چاک دەزانن لەو ڕۆژەوە کراسی (الأعراب)* بەبالایان بڕاوە هەر ئەوان (بت پەرست) بوونە و یەزدانی تاکیان نەناسیووە هەر ئەوان بوون (لە خورماکانی خۆیان بتیان دروستەکرد و دەیان کرد بەخوای خۆیان و

* ئامازەیە بۆ ئایەتی(٩٧) سورەتی التوبە

Preview sample - page 5 of 6 - Soran University Academic Digital Library

کڕنۆشیان بۆی دەبرد، کاتێکیش برسییان دەبوو خواکانی خۆیانیان دەخوارد کە لە خورما دروستیان کردبوون) بۆ پشت راستکردنەوەی ئەو راستییانەی کە ئایینی زەردەشتی ئایینێکی (ئاسمانی و یەکتا پەرستییە) ئەم راستییانەی دادێ لەم پەرتووکەدا کە دەیانخەمە پێش دیدەی خوێنەرانی خۆشەویست و بۆ زێدە روونکردنەوەی ئەم مەبەستە و بۆ لادانی ئەو پەردە رەشەی ناحەزان بەسەر ئەم لایەنە مێژوویییە گرنگەی کوردیانداداوە لەهەمان کاتدا ئەم کارە بچووکە با لە شێوەی چەپۆکێ (قوڕە شینە)ی دۆڵی (بتوێن) بێ کە دایك زادەی حەزرەتی (برایم) پەیامبەری کوردە بدرێت لە دەموو چاوی دووژمنانی مێژووە دێرینەکەی کورد و خاکی پیرۆزی کوردستان.

عومەر حاجی عەلی زەنگنە

کەرکوك – خورماتوو

٢٠١٠/٣/٢١

Preview sample - page 6 of 6 - Soran University Academic Digital Library